## ڕونکردنەوەیەک لەسەرئەونامەیەی کەناردبووم بۆشوفێرەکەی باڵیۆزی عێراقی لە کەنەدا ... ڕزگار میرسەیدی

کەلەڕۆژی ١-٩-٢٠٠٥ لەکوردستان نێت بڵاو کرایەوە٠٠٠ڕزگار میرسەیدی ٠٠ ئەمەریکای شمالی٠٠ئۆتاوا٠٠ لەڕۆژی ١-٩-٢٠٠٥ من نامەیەکم نوسی بوو بەناوی نامەیەك بۆشوفێرەکەی باڵیۆزی عێراقی لەکەنەدا٠بەئەرکی سەرشانم زانی کە ئەم نامەیەی بەدوادا، بۆرونکردنەوەی نامەی یەکەم بنوسم٠ ١- من و کاك دلزار هاورێ ی چەندەها ساڵی بووین هاورێ یە تی ئێمە درێژکراوەی هاوڕێ یەتی هەردوو ئەوخێزانەیە کە من وئەوی تیا گەورە بووین٠زیاتر لەوەش ئێمە خەڵکی شارێکین، شتێکی ئاسایی یە کەسانێك کە بۆ ماوەیەك هێندە درێژ هاوڕێن، ئەوازۆرجار رەخنەو رەخنە گرتن هەتا دڵ زویربونیشی تیادروست دەبێتن٠ بۆیە من بەڕاشکاوی یەوە دەنوسم ودەڵێم کە ئەو رەخنانەی لەنامەی یەکەم دا نوسی بووم شتێکی سەرەکی نیە ومن نامەوێت و ناش بێت ئەو نامەیە بەهیچ شێوەیەك ببێتە پێوەری رەوشت وبیری ئەوکورە ئەورەخنانە چەند خاڵێك بوون کەمن زۆرم ویست لەگەڵیدا باس بکەم، بەلام ئەوئەودەرفەتەی نەرەخساند کەچە ند جارێك خەبەرم بۆنارد بوو پێشتر، کەچەند شتێك هەیە حەزدەکەم لەگەڵت باس بکەم و بتبینم!! هەر ئەونەرەخساندنی دەرفەتەش لای ئەوەوە خۆی لەخۆیدا بووە دروست کردنی ڕك و کینەلای من ووای لێکردم نامەی یەکەم بنوسم٠جارێکی تریش دەیڵێمەوە کەنامەی یەکەمم تەنها چەند سەرنجێکی ئاسایی یە هاورێ یانە بوو، نەك شتێکی سەرەکی و روخێنەر٠وە هەرهەمومان گەرخۆمان بەدیموکراتی خواز بزانین دەبێت باوەرمان بەرەخنەو رەخنە گرتن هەبێت لەگەڵ یەکتر٠ ٢-شایەنی باسەو من ئەبێ بەرێزەوە ڕاستی یەکی تر بنوسم، لەسەر کاك دلزارو خێزانەکەی ئەوان یەکێکن لەو خێزانە بەهەڵوێستانەی کەهەموو کاتێك چکڵی چاوی سەددام وبە عسی فاشیزم بوو ین٠ کاك دلزار خۆی ماوەیەکی زۆر بە هەڵوێستی سیاسی وبیرورای ڕزگاری خوازی یەوە بەرامبەر سەددام وڕژێمە فاشیزمەکەی جەنگاوە٠ ٣- پێویستە بەوکەسانەی کە بێ کارن وبەری بیرکردنەوەیان تەسکە بڵێم گەورەکردن ودەهۆڵ لێدان بە نامەی یەکەمەوە هەرتەنها مایەی شەرمەزاری یە بۆیان٠ ٤- من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم لەوەی لەنامەی یەکەم کە لە ئینتر نێت بڵاوم کردەوە، دەبوایە من نامەی یەکەمم بناردایە بۆخۆی بۆ کاك دلزار ئەوکات نەدەبووە دەهۆڵی دەستی بەعزێك لەبیرتەسکان٠ هەر شادو سەرکەوتو بیت.